TPC Trade Promotion Council of India

# یاداشتی لێکتێگەیشتن

لەنێوان

ئەنجومەنی بەرەوپێشبردنی بازرگانی هیندستان (TPCI)

و

ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر (ECCI)

ئەم یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنە (MOU) لەلایەن و لە نێوان

**ئەنجومەنی بەرەوپێشبردنی بازرگانی هیندستان،** لەمەودوا بە TPCI ناودەبرێت کە ئۆفیسەکەی لە 9، ماڵی سسیندیا، کۆنۆت سێرك، نیودەلهی – 001 110، هیندستان هەیە. TPCI ڕێکخراوێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنی بازرگانی و وەبەرهێنان کە ئاسانکاری بۆ گەشەی پیشەسازی هیندستان دەکات لەگەڵ دەرفەتی بازرگانی جیهانی، و ستراتیژییەکان بۆ فراوانکردنی بازرگانی لە ئاستی جیهانیدا لە ڕێگەی ڕێکخستن و بەشداریکردن لە بۆنە تایبەتەکانی بازرگانیدا دابین دەکات.

و

**ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر،** لێرەدا بە ECCI ناودەبرێت کە نووسینگەی خۆی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگاری هەولێر، شاری هەولێر، شەقامی 40 مەتری، هەولێر هەیە. ECCI ڕێکخراوێکی پیشەیی و ئابوورییە، خاوەنی سیمای سەربەخۆی مۆڕالی و دارایی و کارگێڕییە. نوێنەری ڕاستەقینەی ئەندامەکانیەتی. ئامانجی ژوورەکە پەرەپێدانی بازرگانی و پیشەسازییە لە هەرێمەکەدا.

لەمەودوا TPCI و ECCI بەکۆمەڵ بە 'لایەنەکان' و بە تاك بە 'لایەن' ناودەبرێن.
هەردوو لایەن دەیانەوێت بە هاوبەشی بەشدارییەکی بەرچاو لە چالاکییە بازرگانییەکان بکەن بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر و لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە ڕێککەوتوون لەسەر واژۆکردنی ئەم یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنە سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی بازرگانی و وەبەرهێنان:

## مادەی یەکەم

هەردوولا هاوکار و پاڵپشتی یەکتر بن لە دەستپێشخەرییەکانیان بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم یاداشتنامەیە و دەوڵەمەندکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هیندستان و هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی TPCI و ECCI.

## مادەی دووەم

هەردوو لایەن ڕێککەوتوون لەسەر هاوکاری و کارکردن لەگەڵ یەکتر بۆ گەیاندنی زانیاری بازرگانی پەیوەندیدار بە یەکترەوە جارجارە بەپێی پێویستی هەر یەك لە لایەنەکان.

هەردوو لایەن ڕێکدەکەون کە هەموو هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتی بازرگانی پەیوەندیدار بۆ بۆنە و ئاهەنگەکانی یەکتر، بەتایبەتی پێشانگای بازرگانی گەورەی TPCI وەك "Indusfood" و نمایشە هاوکاتەکانی.

Trade Promotion Council of India

## مادەی سێیەم

بە پشتبەستن بە دەرفەتە بەردەستەکان، هەردوو لایەن بۆنەی بانگەشەکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان ڕێکدەخەن کە پەیوەندییان بە کەرتە ئایندەییە تایبەتەکانەوە هەیە لە هیندستان و هەولێر بە ئامانجی فراوانکردنی چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکان. هەردوو لایەن کۆکن لەسەر گەڕان بەدوای ڕێگا و ئامرازەکان بۆ بەشداریکردنی ئەندامەکانیان لە چالاکییە بانگەشەکارییە پلان بۆ داڕێژراوەکاندا.

## مادەی چوارەم

هەردوو لایەن بە شێوەیەکی بەردەوام (فیزیکی/مەجازی) کۆدەبنەوە، باشترە ساڵانە جارێك، یان بەپێی پێویست و لە کاتی پێویستدا بەپێی ئاسانکاری هاوبەش بە ئامانجی بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی دراو یان پەرەپێدانی هاوکاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ ئەندامەکانی هەریەکەیان.

## مادەی پێنجەم

هەردوو لایەن ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی زانیارییە هەستیارەکانی سەر بە لایەنی بەرامبەر یان هاوبەشەکانیان بە توندی بە نهێنی بهێڵنەوە و نابێت بۆ هیچ کەسێك یان لایەنێکی دیکە ئاشکرای بکەن بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە لایەنی پەیوەندیدار.

## ماوەی و کۆتایی پێ هێنان

ئەم یاداشتنامەیە کە لە پێنج مادەی سەرەوە پێکهاتووە لە ڕۆژی واژۆکردنەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و بۆ ماوەیەکی نادیار کارا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی هەریەك لە لایەنەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاداشتنامەیە دەکات. دەتوانرێت یاداشتنامەکە لەلایەن هەریەکێك لە لایەنەکانەوە کۆتایی پێبهێنرێت بە پێدانی نوسراوی ئاگادارکردنەوەی **شەست ڕۆژی** پێشوەختە بە لایەنی بەرامبەر. ئەم یاداشتنامەیە دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا دەستکاری بکرێت یان بگۆڕدرێت بە ڕێککەوتنی هەردوو لایەن. هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بە نووسراو ئەنجام دەدرێن و لەلایەن بەرپرسانی ڕێگەپێدراوی گونجاو لە هەردوو لایەنەوە واژۆ دەکرێن.

غرفة تجارة وصناعة أربيل
Erbil Chamber of Commerce
1966

TPCI Trade Promotion Council of India
9, Scindia House 2nd Floor, Connaught Circus, New Delhi-110001

| | |
|---|---|
| موهیت سینگلا | گەیلان سەعید عەزیز |
| سەرۆك | سەرۆك |
| ئەنجومەنی بەرەوپێشبردنی بازرگانی هیندستان | ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر |

**TPCI** Trade Promotion Council of India

# MEMORANDUM OF UNDERSTANDING

## BETWEEN

## The Trade Promotion Council of India (TPCI)

## AND

## The Erbil Chamber of Commerce and Industry (ECCI)

This Memorandum of Understanding (MOU) entered into by and between

**Trade Promotion Council of India**, hereinafter referred to as **TPCI** having its office at 9, Scindia House, Connaught Circus, New Delhi – 110 001, India. TPCI is a premier trade and investment promotion Organization facilitating the growth of Indian Industry with global trade opportunities, and providing strategies for expanding business globally through organizing and participation in specialized business events.

AND

**Erbil Chamber of Commerce and Industry**, herein referred to as **ECCI** having its office at Kurdistan Region of Iraq, Erbil Governorate, Erbil City, 40 Meter Street, Erbil. ECCI is a professional and economic Organization, has its independent moral, financial and administrative character. It is a true representative of its members. The Chamber's purpose is development of trade and industry in the region.

TPCI and ECCI hereinafter collectively referred to as 'Parties' and singly as the 'Party' Both Parties wish to jointly make significant contributions to the trade activities by collaborating with each other and have agreed, through their representatives, to sign this Memorandum of Understanding on Promotion of Trade & Investment:

### Article 1

Both Parties shall cooperate and support each other in their initiatives aimed at achieving the objectives of this MoU and enriching business relations between India and Kurdistan Region of Iraq through TPCI and ECCI.

### Article 2

Both Parties agree to cooperate and work with each other delivering relevant trade information to each other from time to time as desired by either parties.

Both Parties agree to put in their best efforts to ensure relevant business representation for each other's events, particularly TPCI's major trade show like "Indusfood" and its concurrent shows.

Trade Promotion Council of India

## Article 3

Based on the available opportunities, both Parties shall organize trade & investment promotional events related to specific prospective sectors in India and Erbil aiming to expand economic and business activities. Both Parties agree to explore ways and means for participation of their members in the planned promotional activities.

## Article 4

Both Parties will meet (physical/virtual) on a regular basis, preferably once in a year, or as and when necessary as per the mutual convenience with a view to follow up of decisions taken or to foster cooperation and rendering better services to their respective members.

## Article 5

Both Parties agree to keep sensitive information belonging to the other Party or their Partners strictly confidential and shall not disclose to any other person or entity without obtaining the consent from the party concerned.

## Term and Termination

This MOU comprising above Five Articles will come into force from the day of signing and shall remain operative for an indefinite period as long as either of the Parties requests to terminate this MOU. The MOU can be terminated by either of the Parties by giving **SIXTY** days written advance notice to the other party. This MOU may be modified, changed or altered at any time upon agreement of both the Parties. All such modifications shall be done in writing and signed by appropriate authorized officials from both parties.

غرفة تجارة وصناعة أربيل
Erbil Chamber of Commerce
1966

Gailan Saeed Azeez
Chairman
Erbil Chamber of Commerce & Industry

Mohit Singla
Chairman
Trade Promotion Council of India

2nd Floor, Connaught Circus, New Delhi-110001, 9, Scindia House
TPCI
Trade Promotion Council of India